# تەوافقاتی نێوان یەکێتی وپارتی وبێ ئیحترامی بەدەنگی خەڵکی کوردستان .



لەساڵی 1992وەوە تاکوئێستائەوە دوجارە بەناوی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان وجارێکیش بەناوی ڕیفراندۆم بۆجیابونەوە ، بێ ئیحترامی بەهەست ونەست وبەدەنگی خەڵکی کوردستان دەکرێت ، حیزبەکوردستانیەکان بەردەوام لەژێرکاریگەری هەڵخەڕاندنی سۆزی ناسیۆنالیستی وکوردایەتی وحکومەتی کوردستان وپارلەمان وسەربەخۆی و ڕیفراندۆم ومەوقولەی لەوجۆرە ، خەڵکی کوردستان دەڕژێننەسەرجادەکان شەرەپەڕۆیان پێ دەکەن ودەیان بەنەسەرسندوقەکانی دەنگدان ولەبەر ژەوەندی بەدەستهێنانی دەسەلاتی خۆیان دەنگیان پێ ئەدەن وپاشان سەرچۆپی شایی وهەڵپەڕکێی خۆشی سەرکەوتنەکانیان پێ دەگێڕن ، کاتێکیش کەقسەدێتەسەردابەشکردنی دەسەلات ئیترشەقێك لەدەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن ودەنگی خەڵکی کوردستان هەڵ ئەدەن وئەوەی حسابی بۆ ناکرێت وڕێزی لێ ناگیرێ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن وهەست ونەست ودەنگی خەڵکی کورد وچارەنوسی سیاسی کوردستانە ، ئەرێ هۆخەڵکی کوردستان ئیتربەس نیە ؟ تێ نەگەیشتن ؟ ئەرێ بەڕاستی شەرم نیەبۆئێمەهێندەبەئاسانی بەقسەی بریقەدارو درۆزنانەهەڵدەخەڵەتێین ؟؟ وەڵاهی من کاتێك کەدەبینم دورلەڕوتان خەڵکی نا ئاگاشەرەپەڕۆدەکەن وسەرچۆپی بۆسیاسەتی دیماگۆگیانەدەگێڕن ، {تك تك ئارەقی شەرم وشەرمەزاری } بەناوچاوەنمدا دێتەخوارێ من تێ ناگەم ئەوکەسانەبۆشەرم لەخۆیان ناکەن؟؟ ، وەك پەندی پێشینان دەڵێت ، ئەوکەسەی کەجارێك فێڵمان لێ دەکات خوابیگرێت ئەگەرجاری دوهەم فێڵیان لێ کردین خواخۆمان دەگرێت ، ئاخرمەگەربڕیاروانیەحیزب وەسیلەبێت بۆگەیشتن بەئاوات وبەرژەوەندی وخۆشگوزەرانی خەڵك وسەروەری وڵات ، بەبڕوای من لێرەبەدواوەئەگەر خەڵکی کوردستان ئەم ئیهانەیەقبوڵ بکات وجارێکی تر دەنگی خۆی بداتەوە بەپارلەمانێکی پێش وەخت دابەشکراو ئیتر بەرپرسیاردەبێت لەبەرامبەرسەرجەم هەڵەسیاسی یەکانی ئەم دوحیزبەدا .

ئەوەی ئەمڕۆسەبارەت بەهەڵگەڕانەوەوپەشیمان بونەوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگرێ بەست وبەڵێنەکانی خۆی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ودواخستنی یەکەم کۆبونەوەی پارلەمانی کوردستان بۆجاری سێ هەم کەدەی بیستین ، بەرئەنجامی ئەوتەوافقاتەنادروستەیەکەبەپێچەوانی پرەنسیبی دیموکراسی وبێ ئیحترامی بەدەنگی خەڵکی کوردستان وقبوڵ نەکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان ودابەشکردنی کورسی یەکانی پارلەمان 2 مانگ بەرلەهەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ سەرچاوەدەگرێت ، ئەمەیەئەنجامی تەوافقات وهاوپەیمانی حیزبی ، ئەگەردەستورێکی هەمیشەیی ومەرجەعیەتێکی شەرعی لەسەربنەماوسەرچاوەی دەنگدان وئیرادەی گشتی جەماوەری خەڵك لەوڵاتدانەچەسپێندرێت ، سنورودەسەلاتی ئەحزاب وبەرژەوەندیەکانی باڵای وڵات وجەماوەری خەڵك بەپێی ئەومەرجەعیەتە دیاری نەکرێت ، وەئەگەر جەماوەری بەرفراوانی خەڵك نەبێتەسەرچاوەی شەرعیەت پێدانی دەسەلاتی پارلەمان ودەوڵەت لەوڵاتدا ، هەموهاوتەوافقات وهاوپەیمانەتیەك بەپێی بەرژەوەندی ڕۆژانەی حیزبی وسیاسەتی ڕۆژ قابیلی هەڵوەشانەوەوئاڵوگۆڕە .

ئەگەرحیزبەکوردستانیەکان نایانەوێت بەرێگای بیروکراسی یانەوبەزۆری چەك دەسەڵاتی خۆیان بەسەرخەڵکی کوردستاندا بسەپێنن وبەڕاستی دیموکراسی خوازن وباوەڕیان بەپرەنسیبەکانی دیموکراسی هەیە ، باپێش وەخت و دومانگ بەرلەهەڵبژاردن کورسیەکانی پارلەمان لەنێوان خۆیاندا دابەش نەکەن و باچاوەڕوانی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکەن وڕێزلەدەنگی خەڵك بگرن ، حیزبەکوردستانیەکان بۆمەسەلەی فیدرالی ئەگەرنمونەی ئەڵمانیان و وڵاتانی تری ئەوروپادێننەوە ودەیانەوێت ئەم نمونەیەلەفیدرالی لەکوردستاندا بچەسپێنن ، بالەپرۆسەی دیموکراسیشداچاولەوڵاتانی دیموکراسی دنیابکەن ، لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکادا تایەك دەقیقەش بەرلەڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە هیچ کەس نەیدەزانی کێ دەردەچێ وکێ دەرچوە ، لەعێراق

وکوردستانیش 2مانگ بەرلەهەڵبژاردنەکان شەکراوی سەرکەوتنەکان خورایەوەوسەرچۆپی بۆدەگیرا ، ئاخرلەهەمودنیادا نمونەی پارلەمانی کوردستان نیە ، لەهیچ سیستمێکی دیموکراسی دنیادا کورسی یەکانی پارلەمان بەتەوافــقات دابەش ناکرێت ونەکراوە ، ئایا دابەش کردنی کورسی یەکانی پارلەمان بەرلە2مانگ لەهەڵبژاردنەگشتی یەکان مانای ئەوەنیە کەحیزبەکوردستانیەکان ئەسڵەن لەبنەڕەتەوەباوەڕیان بەدیموکراسی نیەو پرۆسەی دیموکرسی یان قبوڵ نیە ؟؟؟؟؟؟

تەوافــقات ودەسەلأت ودەوڵەتی{ فیفتی فیفتی }یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان کەلەئەنجامی قبوڵ نەکردنی پرەنســیبی دیموکراسی و دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی یەکەم پارلەمانی کوردستان ســاڵی 1992 هاتەکایەوە ، بوبەهۆی هەڵگیرســانی شەڕێکی درێژخایەن وسەرتاسەری ، لەهەڵبژاردنەکانی ئەمجارەشداهەمان هەڵەکانی ڕابوردو دوبارەکراوەتەوە ، ئەم دوحیزبە پێ ناچێت هیچ دەرس وپەندێکیان لەهەڵەکانی ڕابوردو وەرگرتبێت وتائێستاش هەرسورن لەسەرسیاسەتی هەڵەونادروستی خۆیان .

لەحکومەتەکەی پێشوی یەکێتی وپارتی دا ، بەجۆرێك دەسەلأتی حکومڕانی خۆیان دابەش کردبوتەنانەت فەڕاش وحەرەسی بەردەرگاکانیشی گرتبۆوە ، کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە ، هیچ بەڕێوەبەرێك لەسەرتاسەری ئۆرگانەکانی ئیدارەی دەوڵەتدا سەربەخۆ نەبو لەبڕیاردان وجۆری بەڕێوەبردنی ئیدارەکەی خۆیدا ، هەموبەڕێوەبەرێکی ئیدارەکان جێگرێکی حیزبی بۆدانرابو ، نەك بۆئەوەی هاوکاری بەڕێوەبەرەکەبکات لەکاروبارەئیداریەکانیدابەڵکو بۆدژایەتی کردنی ، بەجۆرێك دەستوپێی حکومەتەکەیان بەستبو نەی دەتوانی جوڵەبکات وببوبەلاشەیەکی مردو وحکومەتەکەیان توشی شەلەل کردبو وسەرئەنجام ئەم دوحیزبەنەیان توانی دوساڵ بەیەکەوە حکومەت بەڕێوەبەرن .

لەم دوایانەدادیسان هەندێ نیگەرانی وگرژی کەوتۆتەوەنێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەیاسای دانانی سەرۆکی هەرێم ، وهەرئەونیگەرانیەش بۆتەهۆی دواخستنی کۆبونەوەکانی پارلەمانی نوێی کوردستان بۆجاری سێ هەم ، پارتی دیموکراتی کوردستان پرۆژەیەکی خستۆتەبەردەم سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەبارەت بەیاسای دانانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ودەوڵەتی یەکگرتو کەپێشترهەردولا لەسەری ڕێککەوتون ، بەپێی لێدوانەکانی سەرکردایەتی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان ئەم پرۆژەیەی پارتی دیموکراتی کوردستان قورسەو بۆئەوان قابیلی قبوڵ نیە و ئەمە ش دەقی قسەکانی بەڕێزمەلا بختیــــیار ە سەبارەت بە گرژیەکانی نێوان یەکێتی وپارتی کەلەماڵپەڕی کوردستانیت دا بلاوکراوەتەوە .



- مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێت ئەو پرۆژەیەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی سەرۆکی هەرێم، پێشکەشی کردووە قابیلی قبوڵ نییە.
- دواخستنی کۆبوونەوەی پەرلەمان لەسەرداوای پارتی بووە.
- پێویستە حزبەکانی هاوبەش لە پەرلەماندا جگەلە پارتی و یەکێتی، هەڵوێست بگرن و داوابکەن بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان.

**هەروەها کا ك مەلابختیار لەقسەکانی خۆیدا ئەڵێت ، کاك نەوشیروان مستەفا کۆبونەوەی لەگەڵ ئەندامانی پارلەمانی فراکسیۆنی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان دا کردووەو پێی ڕاگەیاندون کە پڕۆژەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان قورسەوئێمەبەهیچ شێوەیەك ئەوپڕۆژیەمان پێ قبوڵ ناکرێت ،**

**هەروەها عدنان موفتی پاڵێوراوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆپۆستی سەرۆکایەتی پارلەمانی نوێی کوردستان لەم باریەوە تاکیدی لەسەرلەئارادابونی کێشەوئالۆزی کردەوە لەنێوان یەکێتی وپارتی دا .**

**هەرچەندەتائێستا ناوەرۆکی کێشەکانی نێوان پارتی ویەکێتی سەبارەت بەومەسەلانە ڕون نەکراونەتەوە بەڵام بەپێی لێدوانەکانی بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ، گوایەیاسای سەرۆکی هەرێم مانگی 12-2004 لەگەڵ یەکێتی دالەسەری ڕێککەوتون بەئامادەبون وڕەزامەندی 36حیزبی کوردستانی وئەم یاسایە ناوی لێنراوە یاسای {دایك} وپاشان ئەم پڕۆژەیەدراوەتەهەردوفراکسیۆنی یەکێتی وپارتی لەپارلەمانی کوردستان ، هەروەهابەڕێزمیرانی دەڵێ ئێمەلەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دالەسەرئەوەپێکهاتوین هەرپۆستێك کەلەبغدا بدرێتەکورد سەرۆك بارزانی مام جلالی کاندید کردوە بۆئەوپۆستەو پۆستی سەرۆکی هەرێمیش بۆسەرۆك بارزانی دیاری کراوە ولەسەربنەمای ئەم ڕێککەوتانەهەردولامان بەیەك لیست وپێکەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراقمان کرد .**

**ئەبوبکر ئەحمەد سلێمان**
2005-5-4 **هۆلندا**